## پێکەنیی گوڵە ڕووبەهارەکان ... کارزان جلال

لەگەڵ سەردەرهێنانی گوڵاڵە سورەی دەشتە بڕ لە ژیانەکانی کوردستانەکەمندا توَش زەردەخەنی ژیانی خوشەویستیم نیشان بدە لەگەڵ کرانەوەی زەویە بۆ ندارەکان و تەقینی کانی ئاوەکاندا ژیانەوەی باڵدارە ڕنگاو ڕنگە کاندا با وێنە جوانیکەی خوَشویستیمان بە ڕنگە ئاڵ و جوانەکان بڕازێنینەوە ئەم ڕۆژگارانە کە ڕۆژگاری نوی بونەوەیە با دڵە بڕ لەهەستەکانمان بە وێنەو ووشەی جوان بڕازینینەوە چەند خۆشە لە گەڵ هەستانی چۆلەکە جوانەکان بەدەنگە بڕ چریکە خۆشەکەیان لەگەڵ دەرکە وتنی جوانی کانی ڕوبارەکان ئێمەش خۆ شەویستیەکەمان زیندو کەینەوەو بە ڕنگە جوانەکانی ژیان ڕنگیان کەین وە بە دەنگە دڵ ئامێزەکان دەنگداریان کەین، گوڵ بەهارەکەم با لە پێناو خوَشەویستی گەورەدا هەوڵبدەین با ڕێگە بکەین بۆ گەشەکردنی گەورە بونی بۆ ئەوەی خۆشەویستی گەورەی لی دروست ببێت وە گەشەو هەستی گەورەو جوانی لی ببێتەوە واتا با ڕۆحیکی بڕ لە ڕوناکی بکینەوە بە بەر کوردستانەکەماندا لە پێناو دروست بونی خۆشەویستی بۆکوردستانەکەمان هەوڵبدەین ئەو کوردستانەی کە چەدان ساڵە بی خۆشەویستی ماوەتەوە لە عاشقانی بی بەش بوە با هەڵبدەین مێژوو جارێکی تر دوبارە بکەینە کە چۆن لەکاتێکا خۆشەویستانی کودستانەکەمان چەند گەورە بوو چەند بە دڵێکی گەورەو پڕ لە خۆشەویستیەوە ئەیان ڕوانیە کوردستانەکەیان وە هەر بەو دڵەو بەو هەستەوە ئیشیان دەکرد با ئێمەش بتوانین ئەو پڕ لە خوَشویستیە جارێکی تر زیندوو کەینەوە چونکە ساڵانێکی زۆرە کوردستانە ئازیزەکەمان تونیەتی و چاوەڕوانیتی. . تکا ئەکەم داوائەکەم با هەموو عاشقان هەریکەك لە لای خۆیەوە هەوڵبدات خۆشەویستییەکەی گەورە بکات لەپێناو ئارام بون و گەشە کردن و جوانکردنی کوردستانە ئازیزەکەماندا